# ستراتیژی نوێ ی ئەمریکا لە عێراق و کورد

ئاسۆ حامدی

دوێنێ25 ی مەی 2007 سەرۆکی ئەمریکا جۆرج دەبلیو بۆش بۆ ڕۆژنامەنووسان بەیانی ستراتیژێکی نوێ ی لە عێراق بە پیشنیهادی مانگی هاوینەی بە مانگێکی خوێناوی بۆ سەربازە ئەمریکاییەکان و سەربازانی عێراقی وەسف کرد. هەر دەلێ ی مانگەکانی تر بۆ گەلانی عێراق و سەربازە ئەمریکاییەکان هەر گوڵ باران بووە. هەمووان دەزانن ستراتیژی نویی ئەمریکا یانی لەشکرکێشی و تەسبیت کردنی سیاسەتەکانی ئەمریکی بۆ بانگەوازی سەرکەوتنی لە شەڕی تیرۆرو بەردەوامی زیاتر نین.

شەڕ دژی تیرۆر لە دوا هەنگاوی دا یانی بەرتەسک بوونەوەی ئازادی و مافی مرۆڤ کە وولاتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێ بەم ئاقارەی داببەن.

پان ئیسلامیزم تاکە مژدەی شادی و خۆشی بۆ گەلانی عێراق تەنها کوشتن و برین و خۆتەقاندنەوەیە و هیچی تر.

شەڕی ئەمریکا و پان ئیسلامیزم و ناسیونالیزم سوونەی عەرەبی لە عێراق شەڕە لەسەر گەڕانەوەی سەرکوت و خەقان و بردنی کەرەستە خاوەکان و جێ پێ هەر یەک لە لایەنەکانی شەڕ لە دەسەلاتی سیاسی عێراق و هەژموونی سیاسی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەند و دونیادا ، بە کورتی شەڕی نێوان بردن و دزینی سامان وکەرەستە خاوەکان و گەڕانەوەی دەسەڵاتی سوونە یانی بەعسیە کورتە باڵاکان یان چەسپاندنی دەسەلاتی شیعیە کە لە گشت دا جمهوری ئیسلامی ئێران ڕابەری ئەسلیەتی، کورد لەم نێوەدا بە خۆشحالیەوە تەرفێکی شەڕ نیە، ئەگینا کوردستان یش دەبووە ڕمبازی، بەلام کوتلەی کوردی لە عێراق دا ئەسیری دەستی سیاسەتەکانی ئەمریکایە و ناتوانێ بە موو لێی لابدا هەر دەلێ هەڕەشەی بەردەوامی لەسەرە و ئەگەر ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی گرت ئەوا هەناسەی دەبرێ. یان نازانن لە کۆنگرێسی ئەمریکایی و وولاتێکی بانگەوازی دیموکراسی بایی ئەوەندە بەرگەی ڕەخنە دەگرن، بەلام کوتلەی کوردی لەم ڕاستاییە زمانی لاڵە و ناوکی کەتووە. دەشزانن ئیرادەی گەل لە هەموو شتێ بە هێزترە مێژوو ئەمەی سەلماندووە.

ستراتیژی نوێ ی ئەمریکا سەرچاوەکەی لە ڕاپۆرتی بیکەر – هاملتۆن هەلدێنجێ، بۆش بۆ مانەوەو ڕووسپی کردنەوەی شکستی سیاسەتەکانی لە عیراق دا تا حزبەکەی لە ئەمریکا نەبێتە ئۆپۆزیسیۆن و سەرکردایەتی لە دەست نەدا کە چاوەڕوان کراوە، دەیەوێ سیاسەتی خۆی لە عێراقدا توند تر بکات.

گۆڕینی ڕامسفێلد وەزیری بەرگری و خەلیل زاد بالوێزی ئەمریکا لە عێراق نەیانتوانی توند و تیژی سەربازی و گەندەلی ئیداری لە عێراق دا کۆتایی پێ بێنن و سەرکوتی هێزە ئیسلامی و سوونیەکان بکەن و ئیدارەیەکی مناسبی تیا دروست بکەن.

یان بۆیان نەکرا وولاتێکی ئارام و سەقامگیر و تەنانەت کەناڵەکانی دزینی کەرەستە خاوەکان بۆ ئەمریکا مسۆگەر بکەن. جا چ جای مۆدێلی نوێ ی جیۆپۆلیتیک لە ڕۆژهەلاتی ناوەند دابمەزرێنن و دیموکراتیزەی ناوچەکە و کۆنترۆلی سەرچاوەکانی ئینێرژی کە گاز و پیترۆل دەگەیەنێ، کێشەی عەرەب و ئیسرائیل ئەمریکا تا ڕرادەیەک پێ باشە بۆتە کێشەی حماس و فتح، لە لوبنان هێزەکانی فتحی ئیسلامی و لە کوردستان ئەنسار ئیسلام و لە کەرکوک و موسڵ دەیان هیزی تر هاتوونەتە

ئاراوە.
لەشکر کێشی تورکیا بۆ سەر سنوورەکانی کوردستان و زەقکردنەوەی مەسەلەی پ.ک.ک و مەسەلەی تورکمانەکان و کەرکوک و فشاری بۆ حکومەتی عێراقی، تۆپ بارانەکانی ئێران و چالاک بوونی ئێرانیەکان لە هەموو بەرەکانی ئاوی و ووشکایی و کاریگەریان لە سیاسەتی ڕەسمی عیراق دا لەگەڵ ئاڵۆزی نێوان ئەنجومەنی ئاسایش و پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران هاوکێشە سیاسیەکان لە ناوچەکەدا ئاڵۆزدەکەن.
دووبارە یان سەرهەڵدانەوەی جۆرێ لە شەڕی سارد لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیە بە شکلی سیاسی (نەک ئابووری)، گەشەی کالاکانی چین و هیندی لە بازاڕەکانی دونیا هێندەی تر بۆش و ئەدمینسترەیشنەکەی بۆ کەنارێ دەبەن دەبێ مجازەفە بە خۆی و سیاسەتەکانی بکات.
مانگی خوێناوی لە عێراق دا هەر دوێنێ بوو و ئەمرۆیە و مانگی تەمووز و ئابیشە..، رۆژێ بە چەندان سەربازی ئەمریکای دەکوژرین کە ئەمانە بە بەرامبەر بە دژەکانییان یەک بە دەیە، قوربانیانی سیڤیل لە هەموو لایەک هەر بە هەزارانە،ڕۆژنیە لە بەغدا و کەرکوک و موسڵ و بەسرە بە دەیان مرۆڤ نەبنە قوربانی تەقینەوەکانی ئیسلام وهیزە سوونی و شیعیەکان و فیشەکی ( سۆری_ ببوورە)ی
ئەمریکاییەکان.
ستراتیژی نوێ چاوەڕوانی وای لێ ناکرێ بە سەرکەوتن بگات، ئەمە لە گرەوی ئاڵوگۆڕەکانی نێو ناوچەکە هەلویستی ئێران و سوریا لە لایەک هەروەها هەڵوێستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەرامبەریان و کوتلە جیاجیاکانی ناو حکومەتی عێراقی دایە. عێراق وولاتێکی بەلەزەتەو هەر کەس دەیەوێ بەشی شێری بەرکەوێ.
بوونی میلیشیاتی جۆراوجۆر و ئەحزابی جۆراوجۆر نەمانی ناوەند و هەڵوەشانەوەی کیانی دەوڵەت ، ئەمانە هەمووی دوای چوار ساڵ ڕۆژ بەڕۆژ داهاتووی وولات تاریک دەکەن. بۆ ئەمریکا گرنگ نیە چ ئۆپۆزیسیۆنێکی کۆن دەسەلات بگریتە دەست یان کۆنە بەعسیەک گرنگ ئەوەیە لە دونیا دەنگ بداتەوە کە عێراق وولاتێکی ئارامە و تیرۆریزم شکستی هێناوە و ئەلقە لە گوێ سیاسەتەکانی ئەمریکا بیت. ئەمەش بۆ ئەو تەمەنە زۆر زەحمەتە، وولاتانی ناوچەکە و گەلانی ناوچەکە نایەنەوێ هەروا بە ئاسانی بۆ ئەمریکا ڕەت بێ. یان ئەوەتا ئەمریکا بەم شێوەیە ئیدامە دەدات یان ئەوەتا لایەنێ لە عێراق بە هیز دەکات لەم نێوەدا لایەنی ناسیونالیستی عەرەبی سوونە لە گەڵیان دێتەوەو کوتلەی کوردی ئەم شانسە نیە، بە حوکمی کەمایەتی لە عێراق و کاریگەری دونیای عەرەب و وولاتانی ناوچەکە. لێرە لایەنێک لە شیعە ڕەنگە ئەم بەختەی هەبێ ئەویش ڕەنگە حزبەکەی مالکی بێ. تا ئێستا لە حساباتی ستراتیژی ئەمریکا کورد وەک دۆست و لایەنگری نە هاتۆتە نێو هاوکێشەکان تەنها لە لای فەرمانبەرانی دەرەجە دووی وەزارەتی بەرگری دا( ئەمیش لەوانەیە).
تائێستا ئیران و سوریە بۆ هەمووانیان سەلماندووە ئەمنییەتی عیراق بەندە بە هەڵوێستەکانی ئەوان لە ناوچەکە، ئەمریکا وای دەزانی وەکو یاری شەترەنج دەتوانێ لە ڕۆژهەلاتی ناوەندا هەڵسوکەوت بکات، دەوڵەتی ئیران و سوریا لە کاتی شەڕی حزب الله و ئیسرائیل دا توانای سەربازی و ئابووری خۆیان نیشان دا. ئەمریکا و ئیسرائیل چاوەڕوانی ئەمەیان ندەکرد. شێخ ضاری و ئوردن یان سعودیەش و سوونیەکانی دژ بە حکومەتی عێراق ئەمانە لە ژێرپەردەی سەربازی و دیپلۆماسیدا چارەنووسی گەلانی عێراق ئاڵۆزتر دەکەن.

لە ڕاپۆرتی بیکەر –هاملتۆندا کورد دیارە چەندە زەرەر مەندە، تائیستا بۆ میللەتی کورد هەر ناوچەی هێلی پارێزراوی خەتی پانی 36 دەچێتە ڕێوە، بڕیاری 140 تاقیکردنەوەیەکی چاکی دیپلۆماسی ناسیونالیزمی کوردیە ئەگەر ئەمەش بە شتێ نە گۆڕنەوە، لێرەدا کاریگەری خەڵکی کوردستان لە پاراستنی ریزەکانی خەلکی کوردستان و گەشەی ئابووری ووڵات و ئارام و ئاسایش و پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی لە هەموو لایەکدا گرنگترین مەسەلەن. ئەگەر دووبارە میللەتی کورد تووشی شەڕ بووەوە ئەوکات کۆمەلگای مەدەنی و ژیان و گورزەران دەچنەوە فازێکی دوورتر.

کاریگەری خەلکی کوردستان لەسەر دیاریکردنی چارەنووسیان و پرۆسێسەکان و ئاسایش و سەقامگیری یاسا لە هەموو شتێ پێ ویستترن.

ئەمریکا و وولاتانی ڕۆژئاوایی لە دوا هەنگاوی خۆیاندا هەر بۆ ناوچەکانی خۆیان دەگەڕێننەوەو تەنها ئامن کردنی کەناڵەکانی ئابووری و ئارامکردنی جیوپۆلیتیک و دانانی مۆدێلەکانیانە، قوربانی گەلانی ناوچەکە و سەربازە ئەمریکاییەکان و چارەنووسی میللەتی کورد و مانەوە لە ژێر رکێفی مرکەزی بەغداد دا لایان نە بایە و نە باران.

باشترین نموونە دانانی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندە و باکووری ئەفریقایە لە لایەن ئینگلیز و فەرەنساویەکاندا لە کاتی ڕووخانی دەوڵەتە نەخۆشەکە یانی ئیمراتۆریەتی عوسمانی، سنوورەکان وا کێشراون تا گەلانی ناوچەکە هەر گیز نەتوانن لەگەڵ یەک ئیرادە بکەن.

ستراتیژی نویی ئەمریکا پێناسە کردنەوەی نوێ ڕۆژهەلاتی ناوەند نیە ، ستراتیژێکە بۆ زیاتر گەرمکردنی گەرماوی خوێن لە عێراق دا. لەم نیوەدا هەموو هێزەکانی گۆڕەپانی عێراقی دەزانن، چونکە ژمارەیەکی زۆریان لە قوتابخانەکانی ئەوان دەرچوون. بە کورتی سیاسەتی گەڕانەوەی دەستی پۆڵاین و سەرکوتە دژی گەلانی عێراق، پان ئیسلامیزم ئەم هەلە زێڕینەی بە ئەمریکا داوە.

لە پراکتیکدا گەلانی کوردستان لە وەزعێکی تردا دەژین و دەتوانن زیاتر ئەم دەسکەوتانە فراوانتر بکەن، تا وەزعیەتی ئارامی و خۆشگوزەرانی کۆمەلانی خەڵک زیاتر بێت ئەوەندە ئەم جیابوونەوەیە باشتر ڕێچکەی دەگرێ.بەڵام ئەمریکا و خودی وولاتانی ناوچەکە دان بەم جیاییە دانانین و خۆ دەبوورن لە وولاتێ کە خەریکی بنیاتنانە. هەرچەندە لە سایەی ئەم ڕابەریە لە ماڵی کاغەزی قومار دەچێ.

ئەگەر گەلی کورد ڕاشکاوانەو زانستیانە هەڵوێست لە ستراتیژی نوێ ی ئەمریکا وەرنەگرێ ئەوا دووبارە تووشی بازنەی توند و تیژی دەبنەوە، لەم نیوەشدا قوربانیان هەر خەلکی کوردستانن.

بەڵام ئەگەر پەیوەندی ئەمریکا و کوتلەی کوردی هەر لە سەر شیوەی ئاغاو ڕەعیەت بێ کە چەند ساڵەیە هەیە، ئەوە لە پیش هەموویانەوە پێشبینی دەکرێ ماددەی 140 دوادەخرێ و هەر سێ پاریزگاکە دەمێنێتەوە کە لە یاسای ئۆتۆنۆمی سەردەمی بەعس دا هەبوو، گەلی کورد و نەوەکانی تازە هەرگیز ناتوانن ئەمە قەبووڵ بکەن. هەقە سەرکردە سیاسیەکانی کورد دەرس لە مێژوو وەربگرن، بەقەدەر ئەوەندەی سوود لە دەرمان و مکیاژ وەردەگرن بۆ گەنج کردنەوەی دەم و چاو بۆیە کردنی قژ و سمێلیان، یانی تیف تیفەی سیاسەت و دیموکراسی ڕۆژئاوایی دەبێ فیربن تا بتوانن لەگەڵ هێزەکان و فشارەکان و ستراتیژە جیاجیاکاندا مامەڵەی دروست بکەن.

شەڕە خوێناویەکان ئیستا گەرماوی خوێنی بۆش پێش مانگی تەمووز و هاوین نیشان دەدەن، بەڵام بۆ ئاڵ و گۆڕە سیاسیەکان دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین مالکی چۆن هەماهەنگی خۆی لەگەڵ ستراتژی تازە بە پراکتیک دەکاتەوەو کوتلەی کوردی چەند بەهێز دێتە مەیدان بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکان

و چۆن مامەڵە لە گەل ڕووداوەکاندا دەکات کە پلانێکی تورکی و ئیرانی و سوونە و شیعی عێراقی هەردەم لە هەوڵی سات و سەوداداان تا ئەم تەجرەبەیەش بە شکست بگەیەنن. حکومەتی هەرێم لە هەڵوێستی ئێستای بەرامبەر چارەسەری سیاسی مەسەلەی کورد لە تورکیا و پابەند نەبوونی بە دژایەتی پ.ک.ک کاریکی موسبەتە، پ.ک.ک ئێستا سنوورەکان دەپاریزێ لە هێرشی دەرەکی و نایەڵێ ئەم ناوچە شاخاویە ببێتە مۆڵگەی ئیسلامیەکان کە ئێران و تورکیا دەیانەوێ ببێتە تۆرا بۆرای کوردستان.

هەربۆیەش چاککردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و کەم بوونەوەی درز و شەقەکانی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان دەتوانێ هێزێکی پتەو دژی هەموو داگیرکەر و پلانەکانی ناوچەکە بێت.

ئەگەر هەموو هێزە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان بە چەپ و ڕاستەوە یەک وەڵامیان بۆ دەرەوە هەبێت و لە مەسەلە ناوخۆییەکان یش کێشەیان چاککردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک و بەرز کردنەوەی ئاستی ووڵات بێ بۆ ووڵاتێکی مۆدێرن، ئەوە بەرەی بە هێزی ناوەخۆ دەتوانێ ڕێگە بە بەرەی دوژمنی دەرەکی بگرێ.

ئاسۆ حامدی
2007 هۆلەند